
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
77
10 ی شوبات/ فێبریوەری 2024



## پیلانێکی قیزەون!

موحسین کەریم

دوای فراوانبوونەوەی نارەزایەتی مامۆستایان، کە لە بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن بۆماوەی نزیک بە ٤ مانگ و ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەزۆریک لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەتایبەتی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی یەکێتیدا خۆی بەرجەستەو نمایشکرد، وە لەئاکامی ئەوەشەوە جەماوەریکی فراوان لە مووچەخۆران و کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و نارازی لەدەسەلاتی تالانچی هەرێم، پەیوەندییان بە نارەزایەتی مامۆستایان و خۆپیشاندانەکانەوە کرد، بەجۆرێک کە رۆژ دوای رۆژ لێشاوی بەشداری خەڵک لە خۆپیشاندانەکاندا بەرەو هەڵکشان دەچوو، دەسەڵاتدارانی هەرێم، هەردوو حزبی یەکێتی و پارتی، سەربارى ناتەباییەکانیان، دەستیاندایە پیلانێکی قێزەون بۆ بەشکستکێشانی نارەزایەتیەکان و کۆتاییهێنان بە بایکۆتی مامۆستایان.

ئەم پیلانەیان لەچەند گۆشەو کەنارەوە دارشت؛ لەوانە هاندانی کۆمەڵێک مەلا و حاکمی دەربارى دەسەلاتی کوردایەتی، تا لەرێگای ئامۆژگاری گومراکەرانەوەو بەناوی دەربەستبوون بۆ منالانی هەژار، داوا لە مامۆستایان بکەن بایکۆت بشکێنن، بەو کارەشیان مامۆستایانیان لە فەوتانی خوێندنی

بۆ لاپەرە ٢

## هەر فشار و پیلانێک بۆ شکستپێدانی بایکۆتی مامۆستایان دەبێ لەلایەن مامۆستایان و خەڵکی نارازیەوە پووچەڵ بکرێتەوە!



## عێراق گۆرەپانی گەمەی هاوبەشی ئەمریکاو ئێرانە!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣



## پارتی و یەکێتی لەبەرامبەر نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و وانەبێژاندا یەکهەڵوێستن!

نوری بەشیر

بۆ لاپەرە ٩

## کاریگەری هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا لەسەر هەرێم!

عوسمانی حاجی مارف......... بۆ لاپەرە ٨

* حاکم رزگار، بەرامبەر بەو سوکایەتی و تۆمەتانەی کردویەتی، بەرپرسیارە!

راگەیاندنێک لە سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانەوە.................................لاپەرە ٥

* بەیاننامەی ژمارە(٥) ی سێ حیزبی کۆمۆنیستی-کرێکاری ناوچەکە:

حکومەتی ئیسرائیل لە دادگای لاهای بە تاوانی کۆمەڵکوژی!

بەشەریەتی موتەمەدین هەنگاوێک بۆ پێشەوە....... لاپەرە ٦

* رێگریکردنی پارتی بۆ خۆپیشاندانی هەولێر شەرمەزار دەکەین! ........................................ دوالاپەرە

* پشتیوانی لە خواستی رەوای مامۆستایان و وانەبێژان و نارەزایەتیەکانیان دەکەین!............... دوالاپەرە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی........ پیلانێکی قێزەون!

سالێکی قوتابیان تۆمەتبارکرد لە ئەگەری نەشکاندنی بایکۆتدا. دوای ئەوەش فشارو هەڕەشەو چاوسورکردنەوە دەستی پێکرد و چەند هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی مامۆستایانیان دەستگیر کرد. دوای ئەوەی مووچەی مانگێکیان دابەشکرد، کەوتنە پەخشکردنەوەی تەشهیر و سوکایەتی بە مامۆستایانی ناڕازی و لەدەزگا ڕاگەیاندنە ڕوزەردەکانی خۆیانەوە وتیان ": بایکۆتچیەکان مووچەش وەردەگرن و دەوامیش ناکەن" بەمەبەستی هەڵخراندنی سۆزی خەڵک دژی مامۆستایان! بەوانەوە نەوەستان و هەڕەشەی سزادان و دەرکردنیان لە مامۆستایان کرد ئەگەر نەگەڕێنەوە هۆڵەکانی خوێندن. دوای هەموو ئەمانە، لەڕێگای ناردنەوە بەشێک لەو مامۆستایانەی کە سەربەخۆیان بوون و بۆ رۆژێکی وەها لەناو نارەزایەتی مامۆستایاندا هەڵیان گرتبوون، بۆناو خوێندنگاکان و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی کۆتاییهاتنی بایکۆتیان بڵاوکردەوە. بەوجۆرە ویستیان یەکریزی مامۆستایان و مووچەخۆران و خەڵکی ناڕازی تێک بشکێنن و دوودڵی و بێمتمانەییان لەناودا بڵاوبکەنەوە. سەرەنجام بەوجۆرە شکست بە نارەزایەتیەکان بهێنن و خۆیان لە مەترسی بەرینبوونەوەی زیاتری دەرباز بکەن.

هەڵبەتە، هەمیشە بەشێک لە کاری دەسەڵات ئەوەیە کە نارەزایەتیەکانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ناڕازی، مامۆستایان و مووچەخۆران و...تد. سەرکوت بکات. ئەگەر نەتوانێ سەرکوتی بکات، هەوڵی نانەوەی دوبەرەکی و بێمتمانەیی و پارچەپارچەکردنی ریزەکانیان دەدات. هەوڵی هەڵخراندنی رای گشتی دەدات لەدژی خۆپیشاندەران بەوەی کە کێشە بۆ هاوڵاتیان دروست دەکەن، ڕێگاو جادە دەگرن و ڕێگری لەکارو کەسابەتی خەڵک دەکەن، یاخود دەستدرێژی دەکەنە سەر مومتەلەکاتی گشتی و یاخود وەکو ئەوەی مامۆستایان کە گوایە هۆکاری فەوتانی سالێک خوێندنی منداڵانی هەژارانن! بەڵام لەپاڵ ئەوانەدا، خودی ئەو بزوتنەوەیە کێشەیەکی جدی هەیە. هەر ئەو کێشەیە هۆکارە بۆئەوەی دەسەڵاتداران و حزبەکانی دەسەڵات بتوانن بەو ئاسانیە ڕەنج و ماندووبوونی چەند مانگی مامۆستایان و مووچەخۆران کەم بەرهەم بکەن!

بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان بۆ خواستی مووچەو دامەزراندنی گرێبەستەکان و پلەبەرزکردنەوەو ... تاد. کەمبودێکی زاتی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە رابەرانی بزوتنەوەکە بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی چاکسازیدا دەخولێنەوە و بزوتنەوەکە لە رابەرایەتیەکی شۆرشگێر بێبەشە. هاوکات ئەو بزوتنەوەیە نەیتوانیوە جۆرێک لە رێکخستنی جەماوەری سەربەخۆی مامۆستایان دروست بکات و تەنانەت هەموو ئەو مامۆستایانەشی کە لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکاندا بەشدار دەبن، لەهیچ جۆرە رێکخراویکدا رێک نەخراون. تەنها ئەنجومەنێک هەیە کە دوای چەند ساڵ هێشتا مەعلوم نیە لەرووی رێکخراوەییەوە چۆن کاردەکەن لەناو مامۆستایاندا!

سەرەرای ئەوە، لەئێستادا کە مامۆستایان بوونەتە سەرقافڵەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری گشت مووچەخۆران و بگرە بەشێکی بەرچاو لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و مافخوراو چاویان لە خەباتی ئەوان بریوەو لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری دەکەن، بەڵام بەهەمانشێوە دامێنی مەحدودی سیاسی رابەرانی ئەو بزوتنەوەیە رێگریەکی ڕانەگەیەنراو دەکات لەوەی کە میکانیزمێکی کاریگەری رێکخراوەیی بۆ ئەوانیش دەستبەربکرێ و بەوجۆرە بزوتنەوەیەکی فراوانی نارەزایەتی رێکخراوی مامۆستایان و مووچەخۆران و خەڵکی ناڕازی و زەحمەتێکش بۆ مووچە و بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی سەرجەم خەڵکی کەمدەرامەت و بۆ بەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانیان بەرێبخرێ و دەسەڵات ناچار بە پاشەکشەی جدی بکات!

بزوتنەوەی مامۆستایان، دەبێ زوو ئەم کەمبودانەی تێپەرێنێ، دەنا لەناو ئەڵقەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوەو هەرکاتێکیش دەسەڵات بیەوێ دەتوانێ بە پیلانێک ئەوەی چەند مانگ و ساڵە دەیکەن، هەڵیوەشێنێتەوە!

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

فاییەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# عێراق گۆڕەپانی گەمەی هاوبەشی ئەمریکاو ئێرانە!

## عوسمان حاجی مارف

عێراق نەک شوێنێکی ستراتیژی گرنگ و تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دابینکردوە، بەڵکو بەهۆی ئەو سامانەی لەڕێگەی ئەو هێزە میلیشیایانەی کە سەربەخۆیەتی و کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقیان کردوە، ئێران گەورەترین سودیان لێ بەدەست دەهێنێت، بەمشێوەیەش سەرچاوەی توانا داراییەکانی بۆ دابیندەکات، تارادەیەک قەرەبوی سزا ئابوریەکانی ئەمریکای پێدەکاتەوە.

پرۆژەی فراوانخوازی ئێران، ڕەهەندێکی جوگرافی نوێ و فراوانتری وەرنەدەگرت ئەگەر ئیدارەی جۆرج بوش لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لە ڕێگەی هێزە میلیشیا ئیسلامیەکانەوە عێراقی ڕادەستی ئێران نەکردایە، کە ئێستا بۆتە بنکەی هێرشکردنە سەر شوێنە سەربازیەکانی ئەمریکا لەسەر سنوری عێراق و سوریا و ئەردەن.

ڕووخانی حکومەتی بەعس و گۆڕینی تەنها بۆ ژێردەستی ئێران، ڕێگایەکی لە بەغداوە بۆ بەیروت لە ڕێگەی دیمەشقەوە کردەوە، هەروەها بە پشتیوانی بەشار ئەسەد هێزە میلیشیاکان بەتەواوی خۆیان ڕادەستی "کۆماری ئیسلامی ئێران" و پلانەکانی لە ناوچەکەدا کرد، کە تا ئەمرۆش وولاتانی عەرەبی باجی کەوتنی عێراق بە دەستی ئێران ئەدەن.

ئەگەر ئەو بومەلەرزە عێراقیەی کە بە داگیرکاری لەلایەن ئەمریکاوە پێشهات، نەبوایە، کە دواتر لەسایەی دەورو دەخالەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی گێژاوی سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، "کۆماری ئیسلامی" ئازاد نەدەبو کە ڕاستەوخۆ دەورو دەخالەتی لە عێراق و ناوچەکەدا سەرکەوتوانە بسەپێنێت، لەهەمانکاتدا توانی لەم هەلومەرجە تایبەتەشدا بەوشێوەیە هێرش بکاتە سەر ئەمریکیەکان لە سنوری سوریاو ئەردەن.

بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئاشکرایە ئێران بەبێ سەپاندنی خاوەندارێتی عێراق، نەیدەتوانی بونی خۆی لە ناوچەکەدا فراوان کات و دەخالەت بکات.

لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئێران توانای مومارەسەی ڕۆڵی پارێزەری عێراق و سوریا و لوبنان و بەشێکی یەمەنی هەیە.

هەرچەند ئەمریکا دەستی بە هێرشە موشەکیەکانی کردوە، بەڵام تائێستا نازانرێت ئیدارەی بایدن چۆن ئەم پرۆسەیە یەکلایی دەکاتەوە، یان چۆن بەو لێدانە لە سنووری سوریا و ئوردن گرفتەکانی لەبەرامبەر ئێراندا ساغ دەکاتەوە. گرنگ ئەوەیە هیچ وەڵامێکی ڕۆشنی نییە کە بتوانێت لە سەر زەویدا ئەنجامی هەبێت بەبێ گەڕانەوە بۆ عێراق و هەژموونی ئێران بەسەر عێراقدا، کە لەڕێگەی حکومەتی ئێستای بە سەرۆکایەتی محمد شیاع ئەلسودانیەوە جێبەجێ دەکرێت، کە ئەم سەرۆکایەتیەش ئەجێندایەکی ئێرانیە و هیچی تر.

هێرشێکی لەمشێوەیە دەرخەری ئەوەیە کە ئێران زیاتر بەرەوپێش دەچێت لە هەوڵەکانیدا بۆئەوەی ئەوە دوویات کاتەوە کە دەسەڵاتی باڵای بەسەر ناوچەکەدا بپارێزێت، ئەو هەوڵانەش بۆ دەرکردنی ئێران لە سوریا و بەتایبەت لە باشووری سوریا دەدرێن تائێستا هیچ سوودێکی نییە.

هە روە ها ئەوەی تائێستا جێگیر بووە ئەوەیە کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بەگشتی بە بەرژەوەندی ئێران شکاوەتەوە، لەکۆتایدا ئەوانەی ئێستا حوکمرانی عێراق دەکەن میلیشیای تائیفی عێراقین کە ئێران لە ڕابردودا لە باوەشی گرتبون، هەر ئەم میلیشیایانەن، کە دەیانەوێت هێزی ئەمریکی لە عێراق دەربکەن و هێرشە موشەکی دەکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکا.

هەرکەسێک لە پراکتیکەکانی ئەمریکادا بپشکنێت، بۆی دەردەکەوێت کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئامادە نیە ڕۆڵی هەبێت لە گەیشتن بە ئاگربەست لە شەڕی غەززەدا، وەک ئامادەکاریەک بۆ لێکۆڵینەوە لە داهاتووی کەرتی غەززە، کە بەرەوڕووی شەڕێکی وێرانکەری ئیسرائیل بۆتەوە، ئەمریکا لەم بارەیەوە لە گێژاوێکدایە هیچ ئاسۆیەکی سیاسی نییە، لەهەمانکاتدا بەدوای ئەوەشەوە نیە و لە بەرژەوەندی نیە ئەم شەڕە فراوان بێتەوە.

ئەمریکا باجی پراکتیزەکردنی سیاسەتێک دەدات، کاتێ کە مامەڵەی لەگەڵ حوسیەکان کردووە، وەک ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی نزیک و دووریان لەگەڵ ئێراندا نەبێت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی نێوان واشنتۆن و تاراندا، باڵادەستیەکی ڕونی ئێرانی هەیە کە هاوتای بێتوانایی ئەمریکایە کە ڕەنگدانەوەی نائامادەیی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی پاش ئەو شکستانەی لە چەندساڵی ڕابردودا بەسەری هاتووە.

چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ عێراق هێمای سروشتی ئەو گێژاوەیە کە دەرگیرە لەگەڵ هێزە میلیشیاکانی "حەشدی شەعبی" کە دەست بەسەر عێراقدا توندتر دەکەن، هەروەک چۆن "سوپای پاسداران" زۆر بەتوندی دەستیان بەسەر ئێراندا توندتر کردووە. حەشدی شەعبیش فەرمانێکی بەسەر حکومەتی عێراقدا سەپاند بۆ چوونە ناو دانوستانەکان بە ئامانجی

کردنەدەرەوەی هێزی سەربازی ئەمریکا لە عێراق، ئەم ئامادەبوونە بۆ کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕۆشنە کە لەسەر بنەمای نەخشە و خواستی "کۆماری ئیسلامی ئێران" ە.

هەر لەم بارەیەوە سەرۆکی پەرلەمانی ئەمریکا دەڵێت؛ سەرۆک نەبوە هێندەی بایدن سیاسەتی رازیکردنی ئێران درێژە پێندات.

بەپێی ئەو زانیاریەی کە حزبولای عێراق پلاندانەرو جێبەجێکاری هێرشی سێگۆشەی سنووری نێوان عێراق و سوریا و ئوردنە، ئەمریکا دوای کوژرانی سێ سەربازەکەی تۆمەتەکانی ئاراستەی ڕژێمی ئێران و هاوپەیمانەکانی کرد.

ئەم هێرشەی پێشتر باسمان کرد لە چەند مانگی ڕابردوودا یەکەمین هێرشی لەم جۆرە نەبووە و دواهەمین هێرشیش نابێت، هەروەها ناتوانرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەکەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

دوایین پێشهات لەم هێرشەدا ژمارەی کوژراوانی ئەمریکیەکانە، ئەمەش وردەکاریەکە واشنتۆن ناتوانێت پشتگوێی بخات، چونکە وەڵام نەدانەوە بە مانای لاوازی ئەمریکا و بوێری ئێرانی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش لە داهاتودا هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا.

لەکاتێکدا واشنتۆن ڕایگەیاند کە وەڵامی ئێران دەداتەوە، و ئامانجی داناوە کە بە فەرمی ئاشکرای نەکردووە، ئایا بژاردەکان لەنێوان بە ئامانجگرتنی هاوپەیمانەکانی ئێرانە، یان بە ئامانجگرتنی شوێنەکانی ناو دڵی ئێران دەگۆڕێت!؟، هەرچەندە ئێستا هێرشە ئاسمانیەکانی بۆسەر هێزەکانی هاوپەیمان ئێران دەستپێکردوە، ئایا واشنتۆن شەڕێک هەڵدەگیرسێنێت کە لەگەڵ ئاستی هەڕەشەکاندا بگونجێت؟ گەر پێداچوونەوە بە ڕاستیەکاندا بکەین، ستراتیژی ئێستای ئەمریکا بەهیچ جۆرێک بە قازانجی نیە خۆی لە شەڕێکەوە بئاڵێنێ، کە بگوازرێتەوە بۆ ناوخۆی ئێران، ئەمریکا بەدوای سەرنەکەوتن و چەقینی نەخشەکانی لە بەرامبەر روسیا لە ئۆکرانیا، هەروەها تێوەگلانی لەگەڵ بنبەستی ئیسرائیل لە غەزەدا، گواستنەوەی شەڕەکە بۆ ناوخۆی ئێران، حەتمیەتی شکستێکی گەورە دەخاتە بەر ئایندەی دابەزینی پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

ئەمریکا ناچارە جێبەجێکردنی پەرچەکردار و هەرەشەکانی، جگە لە ئاستی ڕووبەڕووبونەوە لە بەرانبەر هێزە میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئێران نەچێتە ناو شەڕێکی فراوانی ناوچەییەوە، لەمەشدا چەند سەرکەوتو دەبێت، دەرگایەکی کراوە لەبەردەمیدا نیە تا هەنگاوەکانی چونە پێشەوەی بسەلمێنێت.

سەرچاوە ئاگادارەکان لە یەکەم هێرشی ئەمریکی – بەریتانیا بۆ سەر گروپی حوسیەکان باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا پێش ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگەکانیان حوسیەکانی ئاگادارکردۆتەوە، کاتێکی تەواویان پێداوە بۆ چۆڵکردنیان! ئەمەش دەگۆڕێت بۆ هەماهەنگی سەربازی لەگەڵ قۆڵێکی هاوپەیمان لەگەڵ تاران.

هەربۆیە هێرشەکان کاریگەریان لەسەر توانا سەربازیەکانی حوسیەکان نەبوو، لەهەمانکاتدا ئامانجی واشنتۆنیان بۆ دەستەبەرکردنی کەشتیوانی دەریای سوور بەدی نەهێنا!

بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئێران بەهۆی بوونی سەربازی و سیاسی هەردووکیان لە یەک وڵاتدا تێکەڵاو بوون، ئەوە دەبینین ئەو بەرژەوەندیانە بەهۆی هەندێک جیاوازیەوە تێکدەچن، بەڵام زۆری پێناچێت دەگەڕێنەوە بۆ دیپلۆماسی و ئارامی.

ئەم ململانێ و گەمە سیاسیەی ئێران و ئەمریکا بەدوای شەڕی کەنداو و داگیرکاری عێراق، لە ماوەی سێ دەیەدا مایەی پێشهاتی گەورەترین کارەسات و وێراکاری و نەهامەتی بوە بۆ دانیشتوانی عێراق و کوردستان، تا ئێستاش، بەتایبەتی لە هێرشی دڕندانەی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە ئەم ململانێیە، توندپێچی و دۆخێکی پێچیدەتری بە خۆوە نیشانداوە، جگە لە ئیسرائیل لایەنەکانی تر لایەنگری فروانبونەوەی شەرەکە نین، بەڵام مامەڵەیان لە گەڵ دۆخەکەدا مەترسی گەوروبونەوەی ئەو شەرە دەخاتە بەر ئەگەرێکی مەترسیدارەوە.

بەگشتی لە پەیوەند بە دۆخی ناوچەکەوەو دەوری جەمسەرە جیهانیەکان بەتایبەتی روسیاو چین، واپێدچیت دواجار ئەمریکا بژاردەیەکی تری نەبێت جگە لە ناچاری تەسلیم بوون بە ئێران، گەر هێرشیش بکاتە سەر چەند بنکەیەکی هێزە میلیشیاکان کە دەستیپێکردوە، بەڵام لەپەیوەند بە فراوان نەبونەوەی شەڕی غەززەوە، ناهاوسەنگیەک پێشهاتوە کە کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکە داناوە لە کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەدوای کەوتنی عێراق بۆ باڵادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمریکا ناتوانێ بەرەی شەڕی دژی ئێران گەرم کات، هەروەها شەڕی پاکتاوکردنی دانیشتوانی غەززە لە لایەن ناتانیاهۆوە، ریسوایی و گۆشەگیریەکی بێوێنەی لە بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیلی لە ئاستی جیهاندا نیشانداوە، لەهەمانکاتدا پەیوەندی نێوان یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاش تەواو ئاڵۆز بووە، تا ئەو ئاستەی کە بەریتانیا نزیکترین دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکایە، لەڕێرەوی نیشاندانی جیاوازی سیاسیە لە بەرامبەر ئەمریکادا.

بەڵام لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا کۆتایی ئەم ململانێ و بارگرژیە، چونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە و کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**لەژێر فشاری خەڵکی ئازادیخوازی دنیادایە کە ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا فشار بۆ ئیسرائیل دێنن مل بە ئاگربەست بدات!**

# حاکم ڕزگار، بەرامبەر بەو سوکایەتی و تۆمەتانەی کردویەتی، بەرپرسیارە!

## ڕاگەیاندنێک لە سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە:

لە گەرمەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان و لە دۆخێکدا کە دەسەڵاتداران لەرێگای هەرەشەی گرتن و سزادان و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە و هەڵخراندنی کەسایەتی دەوروبەری خۆیەوە، لە هەوڵی پاشەکشە پێکردن و داسەپاندنی شکستدا بوو بەسەر مامۆستایانی نارازیدا، لەکاتێکدا کە بزووتنەوەی هەقخوازانەی مامۆستایان سەرنج و پشتیوانی کارمەندان و جەماوەری بێبەش و هەژاری شارەکانی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکیشابوو، حاکم ڕزگار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، داوای لە مامۆستایان کرد کە "بایکۆت بشکێنن". ئەمەش بە پاساوی ئەوەی کە منالّی فەقیر و هەژار سالّی خویندنیان نەفەوتێ. بەمجۆرەش کارێک کە ئەو کردی بە هەر نیەتێکەوە بووبێت، ناتوانێت لە خانەی خزمەتکردن بە هەوڵەکانی دەسەڵاتداران بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شکستپێهێنانی مامۆستایان و نارەزایەتیەکانیان بەدەربێت. ئەمەش ڕاستیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەبەرچاوی ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازی و هەموو ئەو جەماوەرەی کە لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو(١/٢٨/ ٢٠٢٤)، لەشارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و دەڤەری ڕاپەڕین، بەشدارییانکرد.

ئێمە وەک حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، جگە لەوەی کە لە یەکەم ڕۆژەوە لە بەرەی نارەزایەتیەکانی مامۆستایاندا ڕاوەستاوین و بە گەرمی پشتیوانیمان لە مامۆستایان و خواستەکانیان کردووە و لە هەر شوێنێک بۆمان کرابێت، بەشداریمان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکاندا کردووە، هاوکات ئیدانەی هەر هەوڵێکی سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتدارانمان کردووە و وەڵامی ئەو پڕوپاگەندانەشمان داوەتەوە کە لەدژی هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستایانی نارازی بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان لەلایەن هەرکەس و لایەنێکەوە بەڕیخرابێت. لەم چوارچێوەیەشدا حیزبمان لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ٢٨/١/٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە، جارێکی تر نەک هەر پشتیوانی خۆی بۆ درێژەدان بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی مامۆستایان ڕاگەیاندەوە، بەڵکو پەردەی لەسەر هەوڵی ئەو کەسانە لادا کە لەژێر ناوی "خەمخواردن بۆ منالانی هەژار" مایکی ڕۆژنامەگەرییان بەدەستەوەگرت و بەو هەوڵ و کەمپینەی دەسەڵاتدارانەوە پەیوەست بوون کە ڕاوەستان و سووربوونی مامۆستایانی لەسەر درێژەدان بە نارەزایەتیەکان، بە ئامانج گرتوە. کەسانێک کە چەند کاژمێرێکی مابوو خۆپیشاندانەکان بڕژێنە شەقامی شارەکانەوە، نەک هەر لە بەرەی مامۆستایان و خواستەکانیاندا ڕانەوەستان، بەڵکو بەئاشکرا و لە مینبەری میدیاوە، داوایان کرد کە مامۆستایان بایکۆت بشکێنن، بەم کارەشیان پێبزانن یان نا، ڕۆڵیان لە خزمەتکردن بە هەوڵ و سیاسەتەکانی دەسەڵاتداران لە دژی مامۆستایاندا گێڕا. حاکم ڕزگار وەک کەسایەتیەکی یاسایی کە تەرازوی دادوەری بەدەستەوەیە، لەگەڵ ئەوەدا کە نەدەبوو ئەم ڕۆڵەی بگێڕایە، لەبەرامبەر بەیاننامەکەی حیزبدا، لە نووسراوێکدا کە ٢٨/١/٢٠٢٤ بڵاوی کردۆتەوە، جگە لەوەی کە بە زمانێکی زبر و ناشرین کە هەرگیز شایستەی پۆستێک نییە کە پێی دەناسریتەوە، کەوتە سوکایەتی پێکردن و بەخشینەوەی تۆمەتی بێبنەما، لە چەشنی"خائین، جاسوس، کلکگرێدراو، بێئەسڵ و فەسڵ..". کاتێک کە دەسەڵات و مامۆستایان بەرامبەر بە یەک ڕاوەستاون، لەلایەک مامۆستایان داوای هەقی خۆیان دەکەن و لەولاشەوە دەسەڵاتداران بەبێ ئەوەی هەق بسەلمێنێ، جەنابیشتان لە مینبەری میدیاکانەوە بە "کرۆزانەوە بۆ منالانی هەژار" داوادەکەن مامۆستایان بایکۆت بشکێنن!! ئایا ئەمە مەرامی خزمەتکردن نییە بە هەوڵ و سیاسەتەکانی دەسەڵاتداران لەدژی مامۆستایان؟ ئایا حاکم ڕزگار درکی بەوە ناشکێ بەر لەم دۆخە و پێش ڕاگەیاندنەکەی ڕۆژی خۆپیشاندانی مامۆستایان، ئەگەر پێشنیارێکی دڵسۆزانەی هەیە لەگەڵ ئەنجومەنەکەیاندا بیخاتەڕوو؟ ئایا بەڕاستی سەخت بوو بۆ حاکم ڕزگار لەوە تێبگات کە لەباتی ئەوەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا دەرکەوێ و پێشنیاری شکاندنی بایکۆت بکات، ڕۆژی خۆپیشاندانەکان لە ڕیزی پێشەوەدا ڕاوەستێ؟ بۆیە هەقمانە بڵێین کە ئێمە نازانین حاکم ڕزگار و ئەوانەی لە پشتیەوە ڕاوەستاون، بەڵینی چ ئیمتیازاتێکیان پێدراوە، بەڵام دڵنیاین کە لای ئێمە و مامۆستایان و جەماوەری نارازی، بەوکارەی کە کردیان، کەوتنە بەرەی خزمەتکردن بە دەسەڵاتداران و هەوڵەکانیانەوە.

ئێمە لێرەدا ڕایدەگەیەنین لەسەر بەخشینەوەی ئەو سوکایەتی و تۆمەتانەی حاکم ڕزگار داویەتیە پاڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بێدەنگ نابین و بەرپرسیاری دەکەین. بۆ ئەمەش یان دەبێ لەسەر قسەکانی دەلیل و بەڵگە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکات یان قسەکانی بە ئاشکرا وەربگرێتەوە. ئەگەرنا ئێمە لە نزیکترین کاتدا بۆ لێپرسینەوە و سەلماندنی سوکایەتی و تۆمەتەکانی ڕووبەڕوی دادگای دەکەینەوە.

١/٢/٢٠٢٤

**شایانی ووتنە رۆژی (٨/٢/٢٠٢٤) حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە دادگای سلێمانی سکالانامەی دژ بە حاکم رزگار تۆمار کرد.**

### بەیاننامەی ژمارە(٥) ی سێ حیزبی کۆمۆنیستی-کرێکاری ناوچەکە:

# حکومەتی ئیسرائیل لە دادگای لاهای بە تاوانی کۆمەڵکوژی! بەشەریەتی موتەمەدین هەنگاوێک بۆ پێشەوە

دوابەدوای سکاڵاکەی ئەفریقای باشورلە دادگای لاهای لەدژی ئیسرائیل لەسەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی جەنیوەری ٢٠٢٤،دادگای لاهایداواکاری حکومەتی ئیسرائیلیلەمەڕ داخستنی دۆسیەکە ڕەتکردەوە،کە ئەمەشبەو مانایە دێت دۆسیەی "کۆمەڵکوژیەکەی حکومەتی ئیسرائیل لەبڕیارە سەرەتایەکەیخۆیدا فەرمانی لێکۆڵینەوەی بۆ دەرچووە. بە پێی حوکمی ئەم دادگایە: "پێویستە ئیسرائیل هەموو تواناکانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ڕاگرتنی ئەو کۆمەڵکوژیەی کەلە غەززەدا بەڕێوەدەچێت، وە ڕێگا بدات بە هەرچی خێراتر گەیشتنی هاوکاریە مرۆییەکان بۆ خەڵکی غەززە و پێش بگرێ لە هەڵخراندنی ڕاستەوخۆ بۆ کۆمەڵکوژیلەم شەڕەدا و هاندەرانی سزا بدات."جگە لەوەش، ئیسرائیل دەبێت لە ماوەی یەک مانگدا پاش دەرچونی ئەم بڕیارە، ڕاپۆرتێک لەسەر چۆنیەتی جێ بە جێ کردنی بڕیارەکان پێشکەش بە دادگا بکات. هەرچەندە دادگای لاهای فەرمانی ڕاگرتنی دەستبەجێی کوشتنی خەڵکی فەڵەستینی دەرنەکرد، بەڵام خودی کردنەوەی دۆسیەی کۆمەڵکوژیەکەی حکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەڵەستین و بڕیارەکانی ئەم دادگایە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بەشەریەتی موتەمەدین. دادگایلاهای تەنها ناوەندێکی دادوەری نییە، بەڵکو ناوەندێکی دادوەری–سیاسییە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا و بڕیارەکانی ئەم دادگایە لە رووی مێژووییەوە تێکەڵەیەک لە بڕیارە دادوەرییەکانە لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز و دۆخی سیاسی زاڵ بەسەر جیهاندا. لەم قۆناغەدا گوشاری بزووتنەوەی جیهانی بۆ پشتیوانی کردن لەخەڵکیفەڵەستین و دژ بە فاشیزم و میلیتاریزم، گوشاری بەشەریەتی موتەمەدینسەبارەت بە مەحکوومکردنی کۆمەڵکوژیەکەی حکومەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانییەتی، کە کاریگەری خۆی بەسەر دۆخی سیاسی و بڕیارەکانی دادگای لاهایدالەدژی ئیسرائیل داناوە.

کردنەوەو تاووتوێی دۆسیەیحکومەتی ئیسرائیل لە ئەنجامدانیتاوانی کۆمەڵکوژی لەدژی خەڵکی فەڵەستین، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی دەستبەجێ بۆ ڕێگریکردن لە بەردەوام بوونی ئەم جینۆسایدە، لەژێر هەرناوێکی دیپلۆماسیدا و بە هەر خۆپارێزییەکەوە بێت، ئەنجامی فشاری نارەزایەتییەکانی ڕۆژانەی سەدان ملیۆن کەسە لە ئەورووپاوە بۆ ئاسیا، لە ئەفریقاوە بۆ ئەمریکا و ....ئەنجامی نارەزایەتی سەدان سەندیکا و ڕێکخراوی کرێکاری و سەدان دامەزراوە و ڕێکخراوی مرۆییە دژ بە کوشتارو بۆردومان وکۆمەڵکوژی خەڵکی فەڵەستین و بڕینی ئاو وکارەبا و دەرمان وسووتەمەنی و پێداویستی ژیان و...لەلایەن ئیسرائیلەوە، کە هەموو ئەوانە لەدژی هاوکاری و پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و میدیاکانیان لە ئیسرائیل نارەزایەتی دەر دەبڕن.

کردنەوەی دۆسیە بۆحکومەتی ئیسرائیل بە تاوانی کۆمەڵکوژی، شکستێکی گەورەیە بۆ حکومەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، کەبەدرێژایی ئەم ماوەیە ڕایانگەیاندووە کە "ئێمە لە پاڵ ئیسرائیلدا وەستاوین"، "تۆمەتی جینۆساید بێ بنەمایە"، و بە هاوکاری هەمە لایەنەی سەربازی، دارایی، سیاسی و ڕاگەیاندنیان بەکردەوەلەم تاوانانەدا بەشدارن. خەڵکی ئینساندۆست و ئازادیخواز مافی خۆیانە ڕاببگەیەنن کە دوای ئیسرائیل، نۆرەی حکومەتەکانیئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و هەموو ئەو سیاسەتمەدارە کۆنەپەرستانەیە کە بە فەرمی ڕایانگەیاند، "لەم جینۆسایدەدا، ئێمە لە کەنار حکومەتی فاشیستی ئیسرائیلدا وەستاوین". کەسانێک کەتائەمرۆ لەکەنار حکومەتی ئیسرائیلدا، لەم کۆمەڵکوژیەدا ڕاوەستاون ورێگایان بۆ خۆش کرد. سبەی ڕۆژ ئەمانە لەگەڵ سەرکردەکانی حکومەتی ئیسرائیل و فاشیستە لغاوپچڕاوەکانی ئیسرائیلدا، لەنمونەی بن گوێر، لە دادگای بەشەریەتی موتەمەدیندا، دادگایی دەکرێن. چەند ساڵ فشاری بەشەریەتی موتەمەدین، نارەزایەتی ڕۆژانەیملیۆنان مرۆڤی ئازادیخواز لە سەرانسەری جیهاندا لە دژی حکومەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی، بە تایبەتی نارەزایەتییەکانی ئەم سەد ڕۆژەیدواییلە دژی کۆمەڵکوژیەکەیحکومەتی ئیسرائیل، ڕێگرتن لە ناردنی چەک و ئیمکانات بۆ ئیسرائیل، داخستنی بەندەر و فرۆکەخانەکان و تا گوشار خستنەسەر دەوڵەتەکان وڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ودادگای لاهای، بۆ ڕاگرتنی ماشێنی ئەم ئینسانکوژیوکۆمەڵکوژییەی حکومەتی ئیسرائیل، سەرەرای مقاوەمەتی هێزە کۆنەپەرستەکان، سەرەنجام بە ئاکام گەیشت و لە زاری دادگای لاهایەوە پاشەکشەیەکی بەسەر ئەم فاشیزمە لغاوپچڕاوەدا داسەپاند.

خەڵکی مرۆڤدۆست، عەدالەتخواز، دژە فاشیست و چینی کرێکاری جیهانی، نیشانیاندا کە تاکە پشتیوان و هاوپەیمانی بەهێزی خەڵکی فەڵەستینن و تاکە هیوابۆ ڕێگرتن لە فاشیزمی ئیسرائیل و چارەسەرکردنی پرسی فەڵەستین ئەمرۆ لە ئەستۆی ئەواندایە.نیشانیاندا هێزی بزوتنەوەی جیهانی بۆ بەرگری لەخەڵکی فەڵەستین، لەوە مەزنترە کەدەوڵەتانی ڕۆژئاوا، وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و حکومەتی ڕەگەزپەرست و زایۆنیستی ئیسرائیل بتوانن بە گوشارخستنە سەر دادگای لاهای، یاری پێ بکەن. ئەم هێزە مرۆییە مەزنە، ڕێگای لە داخستنی دۆسیەی جینۆسایدی حکومەتی ئیسرائیل لە دادگای لاهای گرت و ⟵

پاشەکشەی بەحکومەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی کرد. لەژێر فشاری ئەم بزوتنەوەیەدا، ئەمڕۆ دۆسیەی بەشداریکردنی سەرکردەکانی ئەمریکا، کەنەدا، بەریتانیا لە تاوانەکانی جەنگیدا لە دادگاکانی ئەو وڵاتانەدالە تاووتوێ کردندایە.

سەرکردەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، لەژێر فشاری ڕای گشتیدا، بەناچاری لەگەڵ ئەوەدا کە فریوکارانە ڕایانگەیاند "ڕێز لە بریاری دادگا" دەگرن، بەلام تەنها ڕۆژێک دوای بڕیارەکەی دادگای لاهای، بە پێیئیدعای حکومەتیئیسرائیل بەپاساوی ئەوەی کە "١٢ کەس لە کارمەندانی ئینروا"، ئاژانسی گەیاندنی هاوکاریەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەخەڵکی فەڵەستین، (لەنێو ١٣هەزار کارمەندی ئەم دامەزراوەیەدا)، کە گوایە یارمەتی حەماسیان لە٧ی ئۆکتۆبەردا داوە،حکومەتی ئیسرائیل داوای ڕاگرتنی هاوکاریەکانیئەم ڕێکخراوەی کرد وبەدوایدا هەریەک لە ئەمریکا، ئینگلتەرا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، کەنەدا، فینلاند، ئوسترالیا، هۆڵەندا، سویسرا و ژاپۆن، هاوکارییەکانی خۆیان بۆ"ئینراو" هەڵپەسارد. وڵاتانیبەناو "موتەمەدینی" ڕۆژئاوا تەنانەت ڕۆژێک چاوەڕێی وەڵامی بڕیاری دادگاکەی خۆیان، "دادگای لاهای"، سەبارەت بە گەرەنتی دان بۆگەیاندنی هاوکاریەکان بە خەڵکی فەڵەستینیاننەکرد.

ئەمە لە دۆخێکدایە کە تا ئێستا هیچ تاوانێک نەسەلمێنراوە، هیچ بەڵگەیەکی باوەرپێکراو نییە و هیچ لێکۆڵینەوەیەک بۆ سەلماندنی ئیدیعاکەی ئیسرائیل نەکراوە. ئەمە تۆڵەی سەرانی "جیهانی شارستانی"یە لە خەڵکی فەڵەستین و ئەو ملیۆنەها کەسەی کە بۆ ئازادی ئەو خەڵکە نارەزایەتی دەردەبڕن. ئەمە سزای بەکۆمەڵی خەڵکیفەڵەستین و دەرکردنیبڕیاری مەرگی شێنەییە بۆ زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەکە بۆ ڕزگارکردنیان لە برسێتی و مردن لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە پاڵپشتی دەکرێن. سزادانی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسەرێک لە دۆخێکدا کە بەهۆی برسێتی و نەخۆشی و سەرماوەمەترسی مەرگیان لەسەرە.ئەمە ئیترتەنیا پشتیوانی و بەشداریکردن نییە لە جینۆسایددا، بەڵکو ڕێک وراستەوخۆ کۆمەڵکوژیە لە دژی خەڵکی فەڵەستین .

هیچ قۆناغێک وەک ئێستا، ڕووخساری ناشرینی "جیهانی شارستانی"، "جیهانی ئازاد" و فریوکارییەکەیسەبارەت بە "بەرگریکردن"لە مافی ژیان و بەها ئینسانییەکان و مرۆڤدۆستی، و تەنانەت"مافی مرۆڤی" ساختەیان هێندە ڕوون و ڤیزەون لەپێش چاوی جیهان دەرنەکەوتووە. چیترهیچ ڕادەیەک لە تاوان و بەربەریەتی "دیموکراسی ڕۆژئاوایی"خەڵکی موتەمەدین وداپەروەری جیهان تووشی سەرسوڕمان ناکات. "جیهانی شارستانی" هەموو سنوورەکانی درندەیی، تاوان، دووڕوویی، دارمانی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژی و سیاسی تێپەڕاندووە.

ئێمە سێ حیزبی کۆمۆنیستی-کرێکاری ناوچەکە، هاوڕێ لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، هاوشانی حیزب و ڕێکخراوە پیشکەوتنخوازەکان، دامەزراوە ئینساندۆست وئازادیخوازەکان و خەڵکی موتەمەدینی جیهان، خوازیاریئەم هەنگاوە دەسبەجێیانەی خوارەوەین:

١/ ڕاگرتنی شەڕ ووەستانی دەستبەجێی بۆردومانی کەرتی غەززە!

٢/کۆتاییهێنانی دەستبەجێی گەمارۆی ئابوری لەسەر خەڵکی کەرتی غەززە و دەستپێکردنەوەی هاوکاری حکومەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئینروا.

٣/ ناردنی دەستبەجێی هاوکاریە دەرمانی و پزیشکیەکان و خۆراک و... هیتر بۆ کەرتی غەززە!

٤/نەهێشتنی دەستبەجێی دیارەی سەربازیو کشانەوەی پاپۆڕەکانی ئەمریکا و هێزی سەربازی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە!

٥/ کشانەوەی دەستبەجێی ئیسرائیل لەناوچە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەڵەستین بۆ شوێنی کار و ژیانی خۆیان و ڕاگرتنی هەر هەڕەشەیەک لە دژی ئەوان!

٦/ هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان تا ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگای لاهای سەبارەت بە دۆسیەی کۆمەڵکوژییحکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەڵەستین.

٧/ پچڕانی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیل تا ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگای لاهای سەبارەت بە دۆسیەی کۆمەڵکوژییحکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەڵەستین.

٨/ قەدەغەکردنی ناردنی هەر چەک و هاوکارییەکی سەربازی بۆ ئیسرائیل. هەر جۆرە هاوکارییەکی سەربازی بۆ حکومەتی ئیسرائیل دەبێ بە تاواندابنرێت.

زامنکردنی هەر ڕادەیەکلەپێشڕەوی و سەپاندنی هەر بەشێک لەم خواستانە،گرێی خواردووە بەهاتنەمەیدانی بەهێزی چینی کرێکار، مانگرتنە کرێکاریەکان ولەمەیداندا مانەوەی خەڵکی موتەمەدین و فشارهێنان بۆ سەردەوڵەتانی ڕۆژئاوا و پشتیوانانی ئیسرائیلەوە. ئەم قۆناغە دەریخست کە نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای لاهای و "ڕێککەوتنەکان" و "یاسا نێودەوڵەتییەکان" نەک تەنها بۆ حکومەتی ئیسرائیل، بەڵکو بۆ حکومەتەکانی ڕۆژئاواش هیچ شەرعیەتێکیان نییە کاتێک بەرژەوەندییەکانیان دێتە پێشەوە. کۆنەپەرستی جیهانی و بازرگانانیجەنگ لە ناوچەکە خۆیان هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەو تاوان و درندەییانەن کە لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا بەسەر خەڵکی فەڵەستیندا داسەپاوە.

ئێمە بانگهێشتی چینی کرێکاری جیهانی، ڕێکخراو و سەندیکاکرێکارییەکان، حزب و ڕێکخراوە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان و خەڵکی موتەمەدین دەکەین کە بەردەوام بن لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەم خواستە وهەنگاوانە وکۆتاییهێنان بە جینۆسایدی خەڵکی فەڵەستین و بە دەستهاتنی مافی ڕەوای ئەوان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ژیانێکی ئازاد و سەلامەت.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**٣١/١/٢٠٢٤**

# کاریگەری هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا لە سەر هەرێم

## عوسمانی حاجی مارف

ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانیەکانی ئەم رۆژانەی ئەمریکا بۆسەر هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئەو هێزە میلیشیایانەی پەیوەستن بە ئێرانەوە، کەلە ناوچەکانی هەردوو وولاتی سوریا و عێراقدان، لە نزیک سنورەکانی هەرێمی کوردستانەوە نەبووە. بەڵام حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم ، مەترسی ئەوەیان هەیە کە ئەم هێرشانەی ئەمریکا دواتر کاردانەوەی سەربازی و سیاسی بە ئەگەرێکی زۆرە لەلایەن حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبیەوە لێبکەوێتەوە و پەیوەندی نێوان هەرێم و ناوەند ئاڵۆزتر بکات، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە شوێنە ئەمنی و سەربازیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بخاتە بەر مەترسی هێرشی هێزە میلشیاکانی عێراقەوە، کە پێشتر ئەو هێزە میلیشیایانەی سەر بەئێرانن، چەندینجار هێرشیان کردۆتە سەر بنکە ئەمریکیەکان لەناوچەکانی دەسەڵاتی زۆنی زەرددا، یان لەوێنەی ئەو هێرشەی کە راستەوخۆ ئێران کردیە سەر ماڵی پێشڕەو دزەیی لە هەولێر.

تائێستا لەم بارەیەوە هیچ هەڵوێستێکی فەرمی لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە سەبارەت بە هێرشەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا دەرنەچووە، وە پێدەچی لەم بارەیەوە زیاتر بێدەنگی هەڵبژێرن، بەومانایەی دەیانەوێت خۆیان بێلایەن نیشان بدەن، کە لەباری واقعیەوە خۆشیان بەشێکن لەو دۆخە! ئەمەش بۆ پەیوەندیەکانیان بە حکومەتی عێراقەوە کاریگەری نەرێنی دەبێت. وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، یەحیا ڕەسووڵ، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا دەڵێ: "شارەکانی ئەلقائیم و ناوچە سنووریەکانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بەهێرشی ئاسمانی کەوتون، ئەمە لەکاتێکدایە کە عێراق هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری ناوچەکە، ئەمەش پێشێلکردنی سەروەری عێراقەو تێکدانی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقە، هەروەها هەڕەشەیەک کە عێراق و هەرێم بخاتە بەردەم دەرئەنجامە نەخوازراوەکانەوە، کە دەرئەنجامەکانی کارەساتبار دەبن بۆ ئاسایش و سەقامگیری عێراق و ناوچەکە"...!، ئەم جۆرە لێدوانەی یەحیا، هەڵوێستی هەرێم دەخاتە ناو چوارچێوەیەکەوە کە بێدەنگی ناتوانێ هاوسەنگی پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر ڕاگرێت، ئاکامەکەی بەچی دەگات؟ دەکرێ بڵێین وردبینیەک لەحساباتی حکومەتی هەرێمدا نیە، یان ناچاریەکە کە ڕۆڵی کارو پێگەی سیاسی حزبەکانی هەرێم لە ناوچەکەدا دەبێت لەم ململانێیەی ئەمریکاو ئێراندا ئێستا باجەکەی بدەن، ئەمەش بۆ ئایندەی دوای ئەم هێرشانەی ئەمریکا بۆ سەر هێزەکانی حەشدی شەعبی لە پەیوەند بە حکومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، هەرێم دەکەوێتە بەر لێپرسینەوەو فشارێکی زیاترەوە لەلایەن ئێران و حکومەتی عێراقەوە.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی دوای ئەم شەڕەی غەززە، هەرێم و ناوەند پێگەیەکی ناسکیان لەسەر ئاستی جوگرافی و سەربازی نێوان ئێران و ئەمریکا داگیرکرد، لەوماوەیەی کە پەیوەندیە ئابووری و سیاسی و سەربازیەکانی نێوان ئەمریکا و هەرێم پەرەی سەند، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوچەکە بەجۆرێک پابەندبون بۆ واشنتۆن پێناسە دەکرا، ئەمریکا وەک دۆستی کوردو پشتیوانیەکی بەهێزو هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو پۆلێن کرابوو لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمەوە، لەلایەک بەگشتی وەک پارێزەری کوردستان و قەوارەکەی ملکەچی نەخشەو سیاسەتەکانی بون، لەلایەکی تریشەوە لەڕووی سیاسی و بەناوی شەڕ دژی تیرۆرەوە، حزبەکانی دەسەڵاتدار لە هەرێم خۆیان تەواو ڕادەستی پشتیوانیکردن بە ئەمریکا هەڵواسیبوو. بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ باقی ناوچەکانی تری عێراق کە لەڕووی سەربازی و سیاسیەوە ملکەچی نفوزی ئێرانن، تەواو جیاواز مانای سیاسی و عەمەلی پەیدا دەکات، نەک ئەمریکا جێگای متمانەیان نەبووە، بەڵکو تاران و هێزە هاوپەیمانیەکانی لەبەردەم پۆلێنکردنی ئەم پەیوەندیەدا، بۆتە ململانێیەکی بەردەوام و هەڕەشەکردن لە بونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا، چونکە بنکەکانی ئەمریکا هەڕەشەیەکی ستراتیژی دەکاتە سەر نفوزی ئێران لە سوریا و عێراقدا.

ئێران فشارێکی چڕی یەک لە دوای یەک لەڕووی ئەمنی و سیاسی و ئابووریەوە لەسەر هەرێم داناوە، بەبیانوی ئەوەی هەرێم بۆتە شوێنی بنکەی سەربازی ئەمریکا و داڵدەدانی ناوەندو شوێنەکان بۆ موسادی ئیسرائیل، لەهەمانکاتدا بەبیانوی وەستانەوەی هەرێم بە قەبوڵنەکردنی میلیشیا عێراقیەکانی پەیوەست بە ئێرانەوە لە ناوچەکانی هەرێمدا، یان قەبوڵنەکردنی داوای دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کە لەلایەن حکومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کاری لەسەر دەکرێت، جگە لەمانەش وەک ڕێگرێک لەبەردەم خێراکردنی پرۆسەی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق و باڵادەستی هێزی شیعەکان کە لە "چوارچێوەی هەماهەنگ"یدا بەرجەستە بۆتەوە، مامەڵەی دەکەن.

⇦

نیوەی ئەو هێرشانەی بە چەکی پەیوەست بە ئێران بۆ سەر بەرژەوەندی و بنکەکانی ئەمەریکا لە سوریا و عێراق و باقی وڵاتانی ناوچەکە دەستپێکردووە، شوێن و ناوەندەکانی ناوچەی کوردستانیان کردۆتە ئامانج و سروشتی گشتیشیان بە تەنها ئامانجگرتنی ئەمریکا نەبووە، بەڵکو زیاتر ناوچەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت لە قۆناغی داهاتوودا وەک فشارێک لەسەر هەرێم بەردەوام بێت.

بەدرێژایی ئەم ماوەیەی پێکدادانی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکاو هێزە میلیشاکانی سەر بەئێران، هەرێم خۆی لە هەر دەستپێشخەریەکی سەربازی بەدوور دەگرێت، بە بێلایەن ماوەتەوە لە ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکادا، هیچ بەرژەوەندی و ئامادەیی و توانایەکی نەبوو کە بەشێک بێت لەو ململانێیە، بەڵام لە راستیدا واقعیەتی شکستەکانی ئەمریکا و دواتر پشتتێکردنی لە پشتیوانی هەرێم، پێگەی هەرێمی تەواو دابەزاندو بێئعتباری کردوە، هەر بۆیە پەیوەندیەکانی بە حکومەتی ناوەندی عێراقەوە سروشتێکی ملکەچی بەخۆیەوە نیشان ئەداو ناچاربوو پابەند بێت بە هێڵی گشتی حکومەتی ناوەندی لە رووی دەستووریەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەمەریکا بنکەیەکی سەربازی سەرەکی لەناوچەی هەریر لە باکووری شاری هەولێر هەیە، هەروەها سەنتەری لۆجستی بۆ رێنمایی لە نزیک فڕۆکەخانەی مەدەنی نێودەوڵەتی هەولێر هەیە، ئەمە جگە لەوەی چەندین ناوەندی رێکخستنی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی ئابوری و بنکە سەربازیەکانی لە سوریاو ناوچەکەدا هەیە، کە پەیوەستن بە دەیان کۆمپانیاوە.

دوای ئەو هێرشانەی کە فڕۆکە ئەمریکیەکان کردیانەسەر شوێنەکانی هێزی حەشدی شەعبی عێراقی، خێرا بانگەشەی دژی هەرێم و تۆمەتبارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە چەکدارو سیاسیەکانی کرا لەسەر بنەمای نەبوونی دڵسۆزی و بەرگریکردن لە عێراق، ئەمەش بەرهەمی ناتەباییە لە سەرانسەری عێراقدا، کەدوای ئەم هێرشانە بیانوەکانی هێرشکردنە سەر قەوارەی هەرێم لەلایەن حەشدی شەعبی زیاتر بێت.

بەدوای هێرشی درۆن و موشەکەکانی ئێران بۆ سەر ماڵی پێشرەو دزەیی، سەدان بڵاوکراوە و نووسین و کلیپی هەڵبەستراویان لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا لەیەککاتدا بڵاوکرایەوە، بەمەبەستی ئەوەی دواتر لێپرسینەوەی تر لە هەرێمی کوردستان بکرێت، لەلایەکی تریشەوە وێناکردنی هەڵوێستی ئێرانە بەناوی پارێزگاری لەخۆی.

ئەم دۆخەی ململانێی ئەمریکاو ئێران لە عێراق و کوردستان و ناوچەکە، بە هەر بارگرژی و ناکۆکیەک و چۆنیەتی دەورو دەخالەتی جەمسەرەکانی تر لە ووڵاتانی سەرمایەداری زلهێزی دنیا بەرجەستە دەبێتەوە، بەجیا لەوەی دواتر ئاراستەکەی بە کاری دیبلۆماسی و سەوداو مامەڵە رێرەوی ئارام بونەوە بگرێتە بەر، بەڵام ئاسۆیەک لە بەردەم قەوارەی هەرێمدا کە بەچوارچێوەی حکومەتێکی سەربەخۆ بەرێوەبەرایەتی ناوچەی کوردستانی عێراق بکات، قفل ئەدرێت. پارتی و یەکێتی و هەردوو بنەماڵە وەک دوو هێزی باڵادەست لە چوارچێوەیەکی تردا مەئموریەتی تریان پێدەسپێرن.

# پارتی و یەکێتی لەبەرامبەر نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و وانەبێژاندا یەکهەڵوێستن!

نوری بەشیر

نارازەیەتیەکانی مامۆستایان و وانەبێژان بۆ مووچەو دەرماڵەکانیان لە پێنجەمین مانگدایە، ئەم نارەزایەتیانە لەلایەن حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵات؛ یەکێتی و پارتیەوە نەک وەڵامیان پێنەدراوەتەوە، بەڵکو رووبەرووی دەیانجۆر لە هەرەشە و دەستبەسەرکردن و رێگریان کردونەتەوەو دەیان تۆمەتیان بۆ دروستکردوون و هەوڵیانداوە کۆمەڵگا بەدژیان سازبدەن.

نارەزایەتیەکان و بایکۆتی ئەم ماوەیەی مامۆستایان بەشێکە لە نارەزایەتیە جەماوەریە کرێکاری و کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگا لە سی دەیەی رابردوودا بەردەوام بەرامبەر دەسەڵاتدارانی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد هەبووە.

ناسیونالیزمێک کە لەسایەی کەلێنێکی نێودەوڵەتیدا کە دروستبوو لەعێراقدا، ئەمریکا دەستی گرتن و هێنانی و هاتنەسەر دەسەڵات و بوونە هێزێکی جێگرەوەی دیکتاتۆرەکانی پێشوو، وەک هێزی میلیشیاو مافیا کەوتنە تاڵان و بردنی هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵگاو سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و مستەشارو دەیان و سەدان ملیاردێرو ملیۆنێریان لەپاڵ خۆیاندا دروستکرد بۆ بێبەشکردنی خەڵکی کوردستان لەداهات و سەروەت و سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی.

بەڵام لەولاوە نەبونی و هەژاری و برسێتی و سەرکوت و کۆچی بەکۆمەڵی لاوان بۆدەرەوە کردە بەش و چارەنوسی خەڵکی کوردستان، کە لە چ شوێنێکی دنیادا مانگ زیاتر لە ٣٠ رۆژە بۆ موچە؟ لەکوێ ئەبیستری چارەکە موچە لە داهێنانی حکومەتی هەرێم و

حزبەکانی نەبێ؟ لەکوێی دنیا پاشەکەوتی مووچە هەیە؟ لەکوێی دنیا هەیە مامۆستا، کارمەند و کرێکار کار بکات بەبێ موچە، یان لەساڵێکدا چەند موچەی مانگ نەدرێت؟ ئەمانە لە داهێنانەکانی پارتی و یەکێتی و حزبە موچەخۆرەکانی دەوریانە. بەجیا لەوانەش کەمیان نەکرد لە سەرکوت و ترساندن و زیندانیکردن تادەگاتە تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسان و دەنگە ناڕازیەکان و کۆمۆنیستەکان.

ناڕەزایەتی ئێستای مامۆستایان بەشێکە لەناڕەزایەتی چینایەتی کرێکاران و کەمدەرامەتی کۆمەڵگا کە رۆژانە بەرپادەبێت، بەشێکە لەناڕەزایەتی کرێکاران و کارمەندانی نەخۆشخانەکان، کرێکارانی نانەواخانەکان، کرێکارانی ژینگەپارێز، قوتابیان و بەشێکە لەناڕەزایەتیەکانی دژی کەمی موچە و بەشێکە لە ناڕەزایەتیەکانی ژنان، بەشێکە لە داخوازیەکانی خوێندکاران. هەر بە چاوگێڕانێکی خێرا بە مووچەی ئەم چینەی کۆمەڵگا، لەگەڵ چینی باڵادەستی پارێزەری دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی، هەر لەمکاتەدا کە خواستەکانی مامۆستایان بەرەسمی ناناسن، موچەی لێپرسراوانی حزبی، ئەندام پەرلەمان، بندیوارەکان و حزبە گوێلەمستەکانی دەوریان لە ئیسلامیەکان و وەزارەتی ئەوقاف و مەلاکان و.. تاد، چەندە ئەوەندەی مووچەی مامۆستایان و کرێکاران و کارمەندانە. کۆمەڵگا دەزانێت ئەم کەمایەتیە مشەخۆرە منداڵەکانیان لەباشترین و تایبەترین قوتابخانەکان دەخوێنن، لە چۆن ژیانێکدا دەژین، کە خەرجی رۆژێکی تەنیا منداڵێکی لێپرسراوانی حزب و سەرمایەدارانێکی دەوریان، موچەی مانگێکی دەیان و بگرە سەدان مامۆستایە، ئەمە کارمانەو سیاسەت و دڵسۆزی حزبەکانی کوردایەتیە بۆ خەڵکی کوردستان و ئەمە راستی فرمێسکی تیمساحیانە بۆ منداڵان و خوێندکاران لە کوردستان.

ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و بایکۆتە، ئاخرین رێگای ناچاری مامۆستایانە کە دەسەڵات وەڵام بەخواستەکانیان ناداتەوە، نەک ئەمەش بەڵکو ئەوە تەنیا یەکێتی نیشتمانی نیە کە بەدژی خواست و داوکاریەکانی مامۆستایانە، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستانیش، هەم بێدەنگیەکەی کە خۆی بەخاوەن حکومەتی هەرێم دەزانێت و کابینەی نۆیەم لەژێر سایەی بارزانیدا دەڕواتە پێشەوە، کە لە چەندین مانگی ئەم ناڕەزایەتیانەدا نەهات لەسەر خواستەکانیان قسەبکات، بەڵکو ئاگرە سووره لەخۆم دوورەی پەیرەوکردووە بەعس ئاسا ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی کۆنترۆڵ کردوە نەک بۆ ناڕەزایەتیش بەڵکو بۆ هەرجۆرە هاوپشتیەکی مامۆستایان و وانەبێژان کە هەبێت سەرکوتی دەکات.

ئەوەبوو رۆژی ٥ی مانگ بەمەستی پشتیوانیکردن لە خواستەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران قەراربوو لەهەولێر کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران سازبدرێت، بۆ ئەم مەبەستە چەکدارەکانی سەر بە پارتی گەمارۆی دەوری بارەگای مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی کوردستانیان داو رێگەیان نەدا، کە بەشداربوانی گردبونەوەکە بەرەو ئەنجومەنی وەزیران بەرێبکەون. ئەم کردەوەیەی پارتی کارنامەیەک بووە کەبەردەوام هەیبووە. ئەمە بەیانی ئەو راستیەیە کە پارتیش چەندە دژی خواستەکانی خەڵکی کوردستانە، ئەمە پەیامی پارتییە بۆ مامۆستایان و کارمەندانی سنوری دەسەڵاتی زۆنی زەرد کە هیچ ناڕەزایەتیەک دەرنەبرن، هاوکات پەیامێکە هەم بۆ یەکێتی کە ئێمە یەکدەستین لەگەڵتان لەبەرامبەر هەر ناڕەزایەتیەکی جەماوەری و بەتایبەتی وەڵامنەدانەوە بە خواستەکانی مامۆستایان.

ئەمە وەک پیشەی هەمیشەیی پارتی و یەکێتی و کارنامەیان کە لەشاخ هاتنەخوارەوە، هەر ناکۆکیەکیان هەبێت ئەوا لەبەرامبەر هەر ناڕەزایەتی و خواست و یەکگرتوویی و هاتنەمەیدانی جەماوەری کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگادا دەست لەناودەست بوون. هەردوو یەکێتی و پارتی و بەهاوکاری بزوتنەوەی گۆڕان بەفریوکاری و سەرکوت و کوشتاری ناڕازیان لە شوباتی ٢٠١١ دەستیان سوور بوو، تا دەگاتە وەڵامنەدانەوەو سەرکوتی هەر ناڕەزایەتیەکی گەورەو بچوک لە کۆمەڵگادا، ئەمەی ئێستاش بەشێکە لەو کارنامەیەیان و مۆری شەرمەزاری نێوچەوانیانە.

پارتی و یەکێتی دەزانن ناڕەزایەتیەکانی ئەمڕۆی مامۆستایان بەشێکە لە ناڕەزایەتی و خواستی زۆربەی کرێکاران و کارمەندانی کوردستان، ئەگەر وەڵام بەم خواست و داواکاریانە بدەنەوە ئەوە گەلێک خواستی تری بەدوادا دێت، لە نەبوونی ئاو و کارەبا و گازو گرانی و موچەی کەم و نەدانی موچەو پاشەکەوت و چارەکە موچەو خواستی بەشەکانی تری کۆمەڵگا، بۆیە هاوهەڵوێست وەڵامی نەخێری پێدەدەنەوە.

ئەوەی کە ئەم دەیان هەزار ئینسانە لە کۆمەڵگادا کاردەکەن و دەبێت موچە وەرگرن، ئەوەی کە دەرس دەڵێنەوەو نابێت بیریان لای موچەو بیریان لای قەرزاری بێت، ئەوەی کە ژیانی رۆژانەیان بکەن و خەیاڵیان لای کرێخانوو و خواردن و پێداویستیەکانی رۆژانە نەبێت، بەڵام یەکێتی و پارتی ئەمانە لەبەرچاو ناگرن، بەڵام فرمێسک بۆ قوتابیان کە منداڵانی ئەم مامۆستایانەو کرێکاران و کەمدەرامەتانی کۆمەڵگایە، دەرێژێن، وە دەڵێن مامۆستایان لێپرسراون بەرامبەر چارەنوسی قوتابیان، کە ئەمە لە درۆیەکی گەورە زیاتر هیچی تر نیە، بەڵکو لێپرسراوی ئەم هەلومەرجە یەکێتی و پارتی و حکومەتی هەرێمە.

کێشەی مامۆستایان و وانەبێژان، کێشەی هەموو خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگایە، ناڕەزایەتیەکانیان بەشێکە لەناڕەزایەتی چینایەتی بۆ خواستەکانی جەماوەر، کە ئەم بەشەی کۆمەڵگا موچەیان نەبوو، ناتوانن خەرجی پێداویستیەکانیان بدەن لە؛ کرێخانوو، ئاوو کارەباو خواردن و جلوبەرگ و تا دەگاتە پێداویستیەکانی رۆژانە کە لەدوکان و مارکێتەکان دەیکڕن، تاکو

وەڵامدانەوە بەخواستی منداڵەکانیان. کێشەی مامۆستایان کێشەی قوتابیانە، کێشەی دایکوباوکی خوێندکارانە، کێشەی دوکانداران و کێشەی فەرمانبەران و کرێکارانە، هەربۆیە هەموو ئەم ڕیزە فراوانە ملیۆنیەی کۆمەڵگا بەشێکن لە چینێکی کۆمەڵاتی کە بێبەشن لەلایەن کەمایەتیەکی میلیشیاو دزو مافیا کەدەبێت پاشەکشەیان پێبکرێت، ئەویش راوەستانە لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتیە مەزن و پێشڕەوانەی مامۆستایان و وانەبێژان کە بۆ چەند مانگە بەردەوامە.

ئەوە دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیە هۆکاری ناڕەزایەتیە لە؛ خۆپیشاندان و بایکۆتی مامۆستایان و وانەبێژانە، ئەوە دەسەڵاتە هۆکاری داخستنی قوتابخانەکانەو بێبەشکردنی قوتابیانە وەک منداڵانی کرێکاران و کەمدەرامەتانی کۆمەڵگا، کەواتە با هەموو لە پاڵ مامۆستایاندا بوەستینەوە تاکو بەدەستهێنانی خواست و داواکاریەکانیان، کە خواستی زۆربەی کۆمەڵگایە، هاوکات ئەم بزوتنەوە و ناڕەزایەتیە گەورەیەی مامۆستایان هێزێکی جیهانیشی لەپاڵدایە کە رۆژانە بەشێوەی جۆراوجۆر پشتگیری خۆیان بۆ خواستەکانیان دەردەبڕن.

٩ی شوباتی ٢٠٢٤

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سکاڵای لەدژی حاکم رزگار ئەمین تۆمارکرد

رۆژی ٨/٢/٢٠٢٤

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەلایەن هاورێ مەحموم محمد ناسراو بە مەحمودی دەلاک، سکاڵانامەی دژ بە حاکم رزگار ئەمین لە دادگای سلێمانی تۆمار کرد لەسەر ئەو تۆمەتانەی کە داویەتیە پاڵ حزب. فەرموون لەگەڵ رونکردنەوەی هاورێ مەحمود دەلاک کە بۆ ئۆکتۆبەری ناردوە:

کاتێک دەسەڵاتداران و حکومەت لەڕێگای کەناڵەکانی خۆیانەوە وەکو وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەری خوێندنگاکان هەوڵی جددیان دا بۆ چوونەوەی موچەخۆران و مامۆستایان بۆ ناو فەرمانگەو هۆڵەکانی خوێندن، ناچار بوون جارێکی تریش سیاسەتی نانبڕین و لەسەرکار دەرکردن و پڕکردنەوەی جێگاکانی ئەوان بدەن بەڕووی ئەواندا .. هێشتا ئەمەش هەرنەیتوانی مامۆستایان و موچوخۆران ڕابگرێت لەبەردەوامی مانگرتنەکەیان ، هەتا دواجار دەسەڵاتداران وویستیان لەڕێگای ڕیش سپیەکانی خۆیانەوە کە کۆمەڵێک شەخسیات و مەلاو حاکمی تێدابوو بێن و هەست و سۆزی خەڵکی بوروژێنن بەوەی کە خوێندن و داهاتوو چارەنوسی خوێندکاران نابێت بفەوتێ و تێکەڵ بەم کێشەو گرفتە بکرێتەوە ، بەم هۆیەوە موچەخۆرو مامۆستایان بەدەستی بەتاڵەوە بنێرنەوە خوێندنگاو فەرمانگەکانیان ... لەپەیوەند بەو سیاسەتەی دەسەڵاتداران، حزب بەیاننامەیەکی دەرکرد لە ٢٨ جێنیوەریدا کە تێیدا هاتبوو : ئێمە هەر هەوڵ و تەقەللایەک محکوم دەکەین لەلایەن هەرکەس و لایەن و گروپێکەوە کە ئەجێندای سیاسەتی دەسەڵاتداران بەرنە پێشەوە بەناوی کەسانی دڵسۆزو لەپاڵ هەژاران وەستاودا بۆ شکست پێهێنانی خۆپیشاندان و مانگرتنی مامۆستایان ، بۆیە پێویست دەکات خۆپیشاندەران بەردەوام بن لەناڕەزایەتیەکانیان هەتا ماف و خواست و حەقی ئەوان جێبەجێ دەکرێت ... دواتر حاکم ڕزگار لەبەیاننامەیەکیدا لەگروپی واتس ئەپی خۆیان و لەکەناڵی الاخبار - هەواڵەکاندا .. تۆمەت نامەیەکی بڵاوکردۆتەوە بۆ ڕای گشتی کە سەرەڕای موهاتەرات ، بێحورمەتی ، ئیهانەی لەچەشنی درۆو دەمدرێژی ، بێ ئەسڵ و فەسڵ و بێ ڕەگ و ڕیشە ، نامەرد ، کاسەلێس ، کەسی بێ بنەما... دیسانەوە تۆمەتی قورسی داوەتە پاڵ حزب، وەک: جاسوس ، خائین ، کەس نازانێ بۆکێ ئیش دەکەن و کلک گرێدروای کێن ؟ ئیشمان بەوە نیە وەک هەندێ لەسەر کاسەلێسی و بەجاسوسی بژین .. لاف و گەزافی درۆ بەکرێکارو هەژارەوە لێنادەم و بازرگانی بەناوو خوێنی ئەوانەوە ناکەم ... نوسەری بەیان نامەکە خۆی کێیەو بەچی دەژی... و... هتد ...

ئێمەش وەک حزب دوای دوو ڕۆژ بەیاننامەیەکمان دەرکردو بڵاومان کردەوە کە حاکم ڕزگار ئەگەر داوای لێبوردن نەکات، ئەیدەین بەدادگا .. بەڵام ئەوەبوو دوای ٩ ڕۆژ لەبێدەنگی ناوبراو و وەڵام نەدانەوە بەو داوایەی ئێمە، من وەکو نوێنەری حزب لەم کەیسە دەستنیشانکرام بۆ بردنە پێشەوەی ڕێکارە یاساییەکان .. هەربۆیە ٨ فێبروەری لەڕێگای مەرکەزی پۆلیسی سەراوە لەتەنیشت پارێزگاری کۆن لەناوبازاڕ ، ڕێکارە یاساییەکانم بۆ سککاڵا لەسەر حاکم رزگار تۆمارکردو ڕۆژی دواتر لەگەڵ پۆلیسێکدا بەدەستی تەسلیم بە دادوەری لێکۆڵینەوەی یەکی سلێمانی کرد لەدادگای سلێمانی. ئێستا ئیتر چاوەرێی ئەوەین کە رۆژی دادگاییکردنە دیاری بکرێت.

★

# ڕێگریکردنی پارتی بۆ خۆپیشاندانی هەولێر شەرمەزار دەکەین!

بڕیاربوو ئەمڕۆ ٥ی شوباتی ٢٠٢٤ حزبی شیوعی کوردستان لە هەولێر خۆپیشاندانێکی پشتیوانی بۆ نارەزایەتی و خۆپیشاندانی مامۆستایان و مووچەخۆران و وەڵامدانەوە بە داواکاریەکانیان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرێبخات، بەڵام هێزەکانی ئاسایشی پارتی ڕێگری لە ئەنجامدانی خۆپیشانەدانەکە کرد و چواردەوری بارەگای مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی بەهێزێکی زۆری چەکدار گەمارۆ داو ڕێگەیان نەدا کە خەڵک بە خۆپیشاندانەکەوە پەیوەست بن.

شایانی وتنە حزبی ئێمە پشتیوانی خۆی بۆ ئەو خۆپیشاندانە دەربڕی و بانگەوازی جەماوەی کرد بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکەدا. سەرەنجام ئەندامانی حزبی شیوعی کە لەبەردەم مەڵبەندی هەولێری ئەو حزبەدا کۆبووبوونەوەو ژمارەیەکیش لە خەڵکی نارازی کە لەنێویاندا ژمارەیەک هاوڕێ و دۆستی حزبی هەبوون، تێدا بەشداربوون، کۆبونەوە نارەزایەتیەکەیان ئەنجام داو ئەو یاداشتەی کە بڕیاربوو پێشکەشی سەرۆک وەزیرانی بکەن، خوێندەوە.

ئەنجامدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتی مامۆستایان و مووچەخۆران و خەڵکی بەشمەینەت مافێکی سەرەتایی خەڵکە و هەرجۆرە ڕێگریکردنێک لەلایەن دەسەڵاتەوە، کردەوەیەکی سەرکوتگەرانەو دژی ئازادیە. پشتیوانی هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لەو نارەزایەتیانە بە ئەنجامدانی هەرجۆرە چالاکیەکی سیاسی، لەوانە خۆپیشاندان، مافێکی سەرەتایی سیاسی هەر حزب و لایەنێکی سیاسیە.

بۆیە ئەو کارەی ئاسایشی پارتی بۆ ڕێگریکردن لە خۆپیشاندانی ئەمڕۆی هەولێر کە حزبی شیوعی بانگەوازی بۆ کردبوو وە گەمارۆدانی بارەگای مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی کوردستان بەهێزی سەربازی، سەرکۆنە و ڕیسوادەکەین.

پارتی بەو کارەی، سەرباری ئەوەی ڕاستەوخۆ دژایەتی خۆی بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵک دووپات کردەوە، خاڵێکی ڕەشی دیکەی بۆسەر کارنامەی سیاسی خۆی زیادکردو ماهیەتی سەرکوتگەرانەی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان نمایش کردەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٥ی شوباتی ٢٠٢٤

# پشتیوانی لە خواستی ڕەوای مامۆستایان و وانەبێژان و نارەزایەتیەکانیان دەکەین!

وا بڕیارە بەیانی یەک شەممە ٢٨/١/٢٠٢٤ خۆپیشاندان و نارەزایەتی ڕەوای مامۆستایان بۆ موچە و دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە بەشێوەی سەراسەری لە سلێمانی و شارەزور و هەڵەبجەو گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەرین... بەردەوام بێت. لەبەرامبەردا دەسەڵاتداران لەباتی ئەوەی وەڵام بەخواستی مامۆستایان و وانەبێژان بداتەوە و درکی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانیان بکات، پەنا بۆ سزدان و گوشار هێنان و هەڵخرانی حاکم و مەلا و پیاوانی ئاینی دەبات، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نارەزایەتییەکانیان. ئەم مامەڵەی دەسەڵات دەبێ ڕیسوا بکرێت.

هاوکات دەبێ هەوڵی حاکم و مەلا و پیاوانی ئاینی کە بەرگری لە دەسەڵات دەکەن و لەدژی خواستی مامۆستایان و وانەبێژان و نارەزایەتی حەقخوازانەیان، پروپاگەندە بۆ شکاندنی بایکۆت دەکەن، لەقاو بدرێ و وەک نیشانەیەک لەناکۆکی حاشاهەڵنەگری ئەم کاسەلێسانەی دەسەڵات، پەنجەیان بۆڕابکێشرێت.

نارەزایەتی و خۆپیشاندانی زیاتر لە ٤ مانگەی ئۆردویەکی بەرینی مامۆستایان بۆ موچەو دابەشکردنی لەکاتی خۆیدا و وە بۆدامەزراندنی وانەبێژان، خواستێکی هێندە ڕەوایە، کە پێویستە سەرجەم جەماوەری بیبەشی کوردستان و لە پێشیانەوە سەرجەم کارمەندەدانی خوێندن و پەروەردەو کەس و کاری خوێندکاران، بچنە پشتیان و بە نارەزایەتیەکانیانەوە پەیوەست بن. هاوکات مامۆستایان و وانەبێژانی نارازی پێویستە بە ورەیەکی بەرزو بەپشت بەستن بەخواست و داوا ڕەواکانیان، درێژە بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانیان بدەن و بە ڕیزی یەکگرتوویان و بە نیشاندانی هێزی سەراسەری و یەکگرتوانەی خۆیان، وەڵامی هەڕەشە و چاوسورکرانەوەی دەسەڵات و پیلانی درز خستنە نێو ڕیزەکانیان و و هەوڵی کۆنەپەرستان وکاسەلێسانی دەسەڵاتداران بدەنەوە.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەکاتێکدا لە کەنار مامۆستایان و وانەبێژاندا بۆ خواستە ڕەواکانیان ڕادەوستین، هاوکات بەتوندی ئیدانەی پلان و چاوسورکردنەوە و گوشار هێنان و بەدەستەوە گرتنی حەربەی سزادانی مامۆستایان و وانەبێژان لەلایەن دەسەڵاتەوە، دەکەین. هاوکات هەر هەوڵێکی حاکم و مەلا وسەرۆک عەشیرەت وئەوانەی کە بۆ دژایەتی خواستی مامۆستایان و نارەزایەتی حەقخوازانەیان، لەپاڵ دەسەڵاتدا ڕاوەستاون، ڕیسواو شەرمەزار دەکەین.

**بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و وانەبێژان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٧/١/٢٠٢٤**